# بەعس و حەماس .. موخەریب و عەسابە!!

## نوری بێخاڵی

ئەوە نییە گیا لە سەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە، ئەوەتا تازە بە تازە حەماسیش دەیەوێ دەستی چەوری دۆڕان و شکستە سیاسی و دیبلۆماسی و جەماوەرییەکانی خۆی بە سەری کورد بسڕێتەوە، پەندێکیش لەو هەڵوێستەی حەماس فێری بین ئەوەیە، کە شۆڤینییەتی عەرەبی هەر چییەك و لە هەر بەرگێکدا بێت هەر یەك شت دەگەیەنێ، ئەویش سڕینەوەی شوناسی بەرامبەرە نا عەرەبەکانیانە، بۆیە هەق وایە ئیدی چیتر خۆمان فریو نەدەین و بگەینە ئەو بڕوایەی کە عەرەب بە ئیسلامی و عەلمانی .. چەپ و راست .. ریفۆرمخواز و موحافیزکار، نەوەی هەمان مشکە جەواڵ دڕێنەکەی هەناوی کولتوری شمشێری بیابانن، ئەستەمیشە لەو کەلی شەیتانە بێنەخوار و ئەوانی تری دەرەوەی دونیابینی و شوناسی خۆیان قەبوڵ بێت، چەند دەنگێکی پەرتەوازە و پەرش و بڵاو و تاك و تەنهای ئەملا و ئەولای عەرەبی، کە عەرەب نە لەسەر ئاستی شەقام و نە لەسەر ئاستی سیاسی بە کلاوی ناپێوێن، هی ئەوە نین بەهۆیانەوە بە سەری ئیسراحەت لێی دانیشین و بڵێین ئامین و ئەوە برایەتی کورد و عەرەب سەری گرت!!

بەهەرحاڵ، تا بە قوڵایی فیکر و ستراتیژییەتی هێزە ئیسلامگەراکانی دونیای عەرەبیدا رۆبچین بە توندرۆ و میانڕۆ ، بە مەوالییەکانی لای خۆشمانەوە، باشتر مەرام و خەونی گەڕاندنەوەی خەلافەتی عروبە هەست پێدەکەین، خەلافەتێك کە دواجار لەناو خودی دونیای عەرەبیشدا، دەبێ هەمووان سەری ئەشهەدوبیللا بۆ سوننەت و رێنمایی و ئامۆژگاری و ئەمر و نەهی بەنی هاشم و نەوەکانی سێبەری (کنتم خیر امة اخرجت للناس) دابنوێنن و دانیشن بەخێر، ئەو بەنی هاشمەی ئێستاش لە دامێنی گوتەزای هاوشێوەی (انني افصح العرب، بيد انني من قريش) دەیانەوێ رەوایی سەرداری و سەروەری ئوممەتی ئیسلامی بە خۆیان رەوا ببینن و ئەوانی تر لە سایەیاندا رەعیەت و مەوالی و کەنیزەك بن!!

کچێکی فەلەستینی برادەرم هەیە: کە پزیشکە و لە بەریتانیا دادەنیشێ و هەڵسوڕاوێکی کارای بواری کاری مەدەنیشە، چەند ساڵێکە لەسەر بابەتە گەرموگوڕەکان لە رێگەی ئێنتەرنێتەوە گفتوگۆ دەکەین و زۆرجاریش لەمەڕ بابەت و پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە جیاواز بووین و رەخنەی یەکتریمان کردووە، ئەو کچە جارێکیان دەربارەی کێشەی فەلەستین و خەونی ئاشتیخوازانەی فەلەستینییەکان وتی " خۆزگە بەو هێز و نێوەندە مەدەنییە ئاشتیخواز و دیمەوکراسیخوازانەی ئیسرائیل دەخوازم، کە ئازادنە دژی سیاسەتە سەربازی و شەڕانگێزییەکانی حکومەت و سوپای خۆیان دەرژێنە سەر شەقام و ئیدانەیان دەکەن، لە کاتێکدا زۆرێك لە ئێمەی سووتەمەنی ئەو شەڕە بێ ئامانە، کە سوڕ دەزانین ساڵانێکە هێزە ئیسلامگەراکان لەلایەك و وڵاتە عەرەبییەکان لەلایەکی ترەوە بازرگانی بە کێشەکەمان و خوێن و چارەنووسی ئێمە دەکەن، کەچی نەك ناوێرین بە ئاشکرایی و لە بەرامبەر سیاسەتە چەوت و چەوێڵەکانیان برژێینە سەر شەقام، بگرە کە قسەیەکی خێریش لەم بارەیەوە بکەین، یەکڕاست و بێ سێ و دوو بە نۆکەری زایۆنیزم وەسفمان دەکەن".

پێم وایە ئەو گوزارشتەی ئەو کچە، کە رەنگە بیروباوەڕی زۆرێك لە نەوەی نوێ و هوشیاری فەلەستین بێت، ئەوانەی لە دەرەوەی جوگرافیای عەرەبی و لە تاراوگە ژیان دەگوزەرێنن، پێویست بە شیکردنەوە و شرۆڤەی ورد و زیاتر ناکات و وەك دەڵێن مرۆڤی ژیر ئاماژەیەکی بەسە، بۆیەش زێدەتر لەم بارەیەوە قسە ناکەم، تا لە بابەت و مەبەستە سەرەکییەکەی ئەو نووسینەم دوور نەکەومەوە.

رێکخراوی حەماس و لە سەر زاری سەرۆکی حکومەتەکەیان، کە سەرکردەیەکی دیاری رێکخراوەکەیە (ئیسماعیل هەنییە)، لەم چەند رۆژەی دواییدا و بەبێ بۆنە و بۆ شاردنەوەی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی حکومەتەکەی حەماس لە سەر ئاستی ناوخۆی فەلەستین و نێودەوڵەتیدا تێیکەوتووە، بە تایبەتی کە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە بواری پەیوەندی و مامەڵەی دیبلۆماسیدا بە شێوەیەك لە شێوەکان، لەلایەن وڵاتان بایکۆت کراوە، هەروەها بۆ دیزە بەدەرخۆنەکردنی هەڵسوکەوت و رەفتارە دژە دیموکراسی و مەدەنییەکانی خۆکوژ و یاساوڵەکانیان لە بەرامبەر داخوازییە

ڕەواکانی هاوڵاتییانی خۆیان بۆ دابینکردنی مووچە و گوزەرانێکی شیاو، هاوکات بۆ پینەکردنی کەلێن و بۆشاییە گوماناوییەکانیان بەدیوی پەیوەندییەکانیان بە تۆڕە تیرۆریستی و سیستەمە شمولییەکانی ناوچەکە، لە سەرووشیانەوە بۆ سەلماندنی دیوی راستەقینەی ناوەوەی دڵڕەشی و ستراتیژی شۆڤینانەیان بەرامبەر بە کورد و ئەزموونە سیاسییەکەی، بەبێ هیچ بۆنە و هۆکارێك ناوی پێشمەرگەی بە باند، یاخود چەتە (عصابة) برد، لە کاتێکدا دەیەوێ ئەو راستییە لەبیری خۆی و خەڵك بباتەوە، کە باند و تاقمی چەتە ئەوانەن کە لە تۆڵەی کوشتنی سەرکردەیەکیاندا پەنا دەبەنە بەر تەقاندنەوەی شوێنێکی گەشتوگوزاری، یان یانەیەکی شەوانە و ئاهەنگێکی خێزانی و بە فەتواییەکی تەکفیری بەناو جیهادیدا و بەناوی وەڵامی کوشندە و تۆڵەی شۆڕشگێڕی (رد قاتل و ثأر ثوري) خوێنی ژن و منالٌ حەڵاڵ دەکەن!! ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە وڵاتە شۆڤینی و داگیرکەرەکانی کوردستان و هێز و رەوتە ئیسلامگەرا و توندڕۆ و تیرۆریستییەکان چاویان بە مێژووی پڕ فیداکاری و قوربانی ئەو هەڵنایەت، بەدرێژایی مێژووی تێکۆشان و شۆڕشی چەکداریان لە شاخ لە پێناو ئازادی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان رۆژێك لە رۆژان دەستیان نەچووە گیان و رژاندنی خوێنی خەڵکی سڤیل و بێ دیفاعی عەرەب و تەنانەت هی رۆڵە و خێزانی پیاوانی بەعس و ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەرات و سوپای عیراقی و ئەوانەی دەستیان لە قەتلوعامی خەڵکی کورد و وێرانکردنی دێهاتەکان هەبووە، وەك ئەوەی ئێستاش ئەو هێزە نەتەوەییە بەرگریکارە لە پارچەکانی تری کوردستانیشدا لە پێناوی ئازادی رووی نایە و پێی شەرم و شوورەییە خەڵکی سڤیل و بێدەسەڵات و شوێنە مەدەنی و گشتییەکان بکاتە ئامانجی شەڕ.

ئەوەی لەو گوتن و هەڵوێستەی (هەنییە)دا (حەماس) و (بەعس) بەیەکەوە لە ئاستی بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژ لە بەرامبەر کورد و دۆزە رەوا و هێزە بەرگریکارە ئازادیخوازەکەیدا بەیەکەوە گرێ دەدات و دەبەستێتەوە، دونیابینی شۆڤینیانە و بیری بۆگەن و بەسەرچووی عروبە و شعوبیەتی بیابانە، لە رابردوودا بەعس لە بەرامبەر ئەو بەرخۆدان و بەرگرییەی هێزی پێشمەرگە لە پێناو ئازادی گەلی کورد و سەرفرازی کوردستان دژی ئۆردووی زەبەلاحی بەعس دەینواند، پێشمەرگەی بە تێکدەر و یاخی (مخرب و عصاة) ناودەبرد، کەچی ئەمڕۆ ئەو ریتم و هەناسە شۆڤینییەی عروبە بە شێوەیەکی تر لە حەماس دەبیستین بەرامبەر ناوزەدکردنی پێشمەرگە بە (عصابة)، هێزێك کە ئەمڕۆ پاراستنی سنوری کوردستان و سەروەت و سەروەری کوردستانییانی لە ئەستۆ گرتووە و هێزێکە بۆ پاراستن و چەسپاندنی دیموکراسییەت و بەرقەرارکردنی یاسا، هێزێك لە عیراقدا بە خۆشحاڵی و سوپاسەوە حکومەتی عیراقی و هێزە هاوپەیمانەکان داوای هاوکاری لێ دەکەن، کەوابێت بە پێی ئەو هاوکێشەی بیرکردنەوە و تێڕوانینەی دوێنێی بەعس و ئەمڕۆی حەماس بۆ پێشمەرگە، ئەو راستییە بۆ کورد و دۆست و نەیارانی زەلاڵ و روون دەبێت، کە هەردووکیان ئاو لە یەك سەرچاوەی ژەهراوی دەخۆنەوە، ئەویش کولتوری بیابان و لۆژیکی شمشێر و بیری بۆگەنی شۆڤینییەت و عروبەیە!!

پێدەچێ حەماس و سەرانی ئەو رێکخراوە لە میانی ئەو هەڵوێسەیاندا، بیانەوێ سوپاسگوزاری خەڵکی کورد و هێزی پێشمەرگە بکەن و وەڵامی ئەو هاوسۆزی و هاوخەمی و هاوکارییەی گەلی کورد و سەرکردایەتی سیاسی و پێشمەرگەکانی شۆڕشی کورد بدەنەوە، کە لە رابردوودا لە رووی ماددی و مەعنەوی نواندوویانە بۆ پاڵپشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستینی، کە ئەو هەڵوێستە جوامێری و ئازادیخوازی و مرۆدۆستییەی کورد بەرامبەر کێشەی فەلەستین، نەك تەنها لە سەر ئاستی سەرکردایەتی سیاسی و هێزی پێشمەرگە، بەڵکو شۆڕبۆتەوە بۆ ناو ئەدەب و هونەری کوردیش، کە تیایاندا ئەدیب و شاعیر و هونەرمەندانی کورد وێنای ئەو ئێش و ئازارەی فەلەستینییەکانیان کردووە لە دەست جەور و ستەمی ژێر دەستی، ئەمە وێڕایی هەڵوێستی نەگۆڕی کورد لە ئاستی شەقام و جەماوەرەکەی دەرهەق بە کێشەی فەلەستین و فەلەستینییەکان، بۆیە ئەو هەڵوێستەی ئێستای حەماس و نموونەکانی وەك (حەسەن نەسروڵڵای لوبنان و ئیخوانەکانی میسر و دەستەی بەناو زانایانی سوننەی عیراق و.......) و قڕوقەپ و بێدەنگی لێکردن و بێ هەڵوێستی جیهانی عەرەبی (بەسەرجەم رەوت و بیرکردنەوەکانی) و جیهانی ئیسلامی لە ئاست ئەو کارەساتە مەزنانەی لە دوێنێدا بەسەر کورد هاتن لەسەر دەستی بەعس، لە سیاسەتەکانی جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران، ئەوانە نەك پیاوی ئەوە نین چاکەیان لەگەڵدا

بکەیت، بەڵکو وەڵامی چاکەکەشت بە نامەردی دەدەنەوە و ئەوان نەك بە گوتەی خۆیان (حاتەمی تەی ئاسا کەریمن)، بگرە تف دەکەنە چاکە و (ناكر المعروف) و سپڵەن!!
شتێك مابێتەوە کە لەم بارەیەوە باسی بکەم (ئەگەرچی زۆر دیو و رەهەندی تر هەن و ماون ئاماژەی وردیان بۆ بکەم، بەڵام بۆ دەرفەتێکی تر بن)، ئەوەیە کە خەسڵەت و تایبەتمەندی و بەها و پرەنسیپ و شتگەلی زۆر هەن، کە پێشمەرگەی کوردستان و خۆکوژەکانی حەماس لە یەکتری جیا دەکەنەوە، بۆ نموونە لە ساتەوەختی شۆڕشدا پێشمەرگە بەرگری لە مافی نوتەوەیی و نیشتمانی زەوتکراوی گەلەکەی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و هێنانەدی دیموکراسی دەکرد، کەچی خۆکوژەکانی حەماس بەزەبری لولەی تفەنگەکانیان لنگیان بەسەر حکومەت داهێناوە و پێشێلی یاسا و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و ژیانی مەدەنی دەکەن لە بەرامبەر خەڵکی خۆیان .. لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا پێشمەرگە گەل و وڵات و ئەزموونێك لە دەستدرێژی و داگیرکەر و چاوی تەماعی دوژمن دەپارێزێ، بەڵام خۆکوژەکانی حەماس لە بەرامبەر بێدادی و ناڕەزایی خەڵکی فەلەستینی و داخوازی رەوای هاوڵاتیان و فەرمانبەرەکانیان، بۆ دابینکردنی مووچەی مانگانە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی بواری پەروەردە و تەندروستی و ژیان و گوزەرانێك کە شایستەی مرۆڤ بێت، کورسی دەسەڵات و پایە لەرزۆکەکانی حکومەتی خۆیان بە سەری نێزە و دەمامکی جیهاد و گوللەی چەکەکانیان دەپارێزن و ......!!
دواجار راستە حەماس لە رێگەی هەڵبژاردنەوە هاتۆتە سەر حوکم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی خۆیان کەس و لایەن و هێزێکی تر نابینن و دوای شکست و دۆڕانیان لە بەڕێوەبردن بە کوتەك خۆیان کردۆتە دەمڕاستی خەڵکی فەلەستین و پێیان ئاساییە، کە هەرچی فەرمانبەری حکومەت هەیە بیر لە مووچە نەکەنەوە و هەلومەرجی نالەباری ئەوان و قەیرانەکانیان ئەوە دەخوازێ، وەك سەردەمانی زوو (بەرد بخەنە سەر سکیان) هەر هیچ نەبێت برسێتییان بیر بچێتەوە و دێوەزمەی ئیسرائیل ببینن و ئیمانیان لەق نەبێت، هەموو ئەوەیشیان بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنن گوایە لە توانایاندایە حکومەت بەڕێوەبەرن، ئاخر ئێوە و ویژدانتان حکومەتێك لە سەر بنەمای نەدانی مووچەی فەرمانبەرەکانی و پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاری پێویست و رۆژانە بە هاوڵاتیانی و وەڵامدانەوەی داخوازییە رەواکانی خەڵك بە تفەنگ درێژە بە تەمەنی فەرمانڕوایەتییەکەی بدات، چۆن شەرم دایناگرێ ناو لە خۆی بنێ بزووتنەوەی بەرگری ئیسلامی (حركة المقاومة الاسلامية – حماس)؟ مەگەر رێك وەك کورتکراوەی ناوەکەی خۆی هێزێکی هەرزەی پڕ کەفوکوڵ نییە، کە هەرچی ئەلفوبێی سیاسەتە نازانێ چییە و پێی وایە بوونی کەتایبە خۆکوژەکان بەسە بۆ ئەوەی رەوایی نوێنەرایەتیکردنی دۆزی گەلێکی پێ رەوا ببینن!!